# ئەنجومەنی نوێنەران کارنامەی دانیشتنی ڕۆژی شەممە بڵاوکردەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجووومەنی نوێنەران کارنامەی دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی بە ڕۆژی شەممەی داهاتوو ڕاگەیاند.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجووومەنی نوێنەران لە ڕاگەیەنراوەکدا بڵاویکردەوە کە، "کارنامەی دانیشتنەکەی ڕۆژی شەممە بریتی بوو لە دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای پەسەندکردنی کەماری عەراق لەسەر پرۆتۆکۆلی عەرەبی بە ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەتایبەت ژنان و منداڵان، هاوپێچ و تەواوکەری ڕێککەوتننامەی عەرەبی بە بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوە نەودەوڵەتییەکان، و خوێندنەوەی یەکەم بە ڕێشنووسی یاسای هەوەشاندنەوەی بەیاری ژمارە (١٥)ی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشگێڕی هەوەشاوەی ساڵی ٢٠٠٣.

ئاماژەی بۆکرد، هەروەها لە خشتەکەدا خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی هەموارکردنەوەی یەکەمی یاسای پاسپۆرت ژمارە 32ی ساڵی 2015، هەروەها خوێندنەوەی یەکەمی بە پێشنیازی یاسای هەموارکردنەوەی یەکەمی یاسای خوێندنی باڵای ئەهلی ژمارە 25ی ساڵی 2016 لەخۆگرتبوو ، لەگەڵ گفتوگۆکردن لەسەر خوێندنەوەی دووەمی ڕێشنووسی یاسای پاراستنی تووتن